*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.3, Part 2, 2025, Pages (40-59)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.3.P2.4**

IRAQI Academic Scientific Journals
المجلات الأكاديمية العلمية العراقية

**ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)**
**Journal of Language Studies**
**Contents available at: https://jls.tu.edu.iq/index.php/JLS**

# Classification of Linguistic Style from a Psychological Dimension Perspective

**Haval Kareem Azeez***
**Department of Kurdish, College of Languages, Salahaddin University, Erbil**
**haval.azeez@su.edu.krd.**
**&**
**Dr. Atif Abdulla Farhadi**
**Department of Kurdish, College of Languages, Salahaddin University, Erbil**
**atif.farhad@su.edu.krd**

**Received:** 1/ 10 / 2024, **Accepted:** 20/1 /2025, **Online Published: 30/ 9 /2025**

## Abstract

Language is one of the important tools of life, in such a way that it organizes all the various relationships in human life. Without language, humans cannot fulfill their material and spiritual needs, because language is the bridge of communication between individuals. One of the factors in life that influences language is psychological effects, and these psychological influences are so prominently reflected that they have led to the emergence of a branch of linguistics called psycholinguistics. Language can produce several different linguistic styles, each of which has specific causes behind it. Language and psychology have a direct impact on each other, to the extent that we can say language is a direct reflection of the psyche and also has an effect on the psyche. This influence has led to the formation of several different linguistic styles according to the psychological

* **Corresponding Author:** Haval Kareem Azeez**, Email:** haval.azeez@su.edu.krd.
**Affiliation**: Salahaddin University - Iraq

© This is an open access article under the CC by licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

aspect. In the course of the research, some of these different dimensions and aspects of speech style have been examined.

**Key Words**: Language, Linguistic Style, Psychology, Psycholinguistics.

# تصنيف الأسلوب اللغوي من منظور البعد النفسي

**هفال كريم عزيز**

**قسم اللغة الكردية، كلية اللغات، جامعة صلاح الدين، أربيل**

و

**أ.د. عاطف عبدالله فرهادي**

**قسم اللغة الكردية، كلية اللغات، جامعة صلاح الدين، أربيل**

**الملخص:**

اللغة هي إحدى الأدوات المهمة في الحياة، إذ تنظم جميع العلاقات المختلفة في حياة الإنسان، وبدون وجود اللغة لا يستطيع الإنسان تلبية احتياجاته المادية والمعنوية، لأن اللغة هي جسر التواصل بين الأشخاص. ومن العوامل الحياتية التي تؤثر على اللغة، المؤثرات النفسية، وهذه المؤثرات النفسية انعكاساتها واضحة لدرجة أدت إلى ظهور فرع من اللغويات يُسمى اللغويات النفسية. يمكن للغة أن تُنتج العديد من الأساليب اللغوية المختلفة، ولكل من هذه الأساليب اللغوية أسباب محددة وراءها. اللغة والعامل النفسي لهما التأثير المباشر على بعضهما البعض، إذ يمكننا القول إن اللغة هي الانعكاس المباشر للعامل النفسي ولها التأثير على الجوانب النفسية أيضاً. وهذا التأثير أدى إلى ظهور العديد من الأساليب اللغوية المختلفة وفقاً للجانب النفسي، وفي سياق البحث تم تناول بعض هذه الأبعاد والجوانب المختلفة لأسلوب الكلام.

**<u>الكلمات الدالة</u>:** اللغة، الأسلوب اللغوي، العامل النفسي، اللسانيات النفسية.

*Journal of Language Studies.* **Vol.9, No.3, 2025, Pages (40-59)**

# پۆلینکردنی شێوازی زمانیی لەڕووی ڕەهەندی دەروونییەوە

**هەڤاڵ کەریم عەزیز / بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر**

**و**

**پ.د. عاطف عەبدوڵلا فەرهادی / بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر**

**پوختە:**

زمان یەکێکە لە ئامرازە گرنگەکانی ژیان، بە جۆرێکە کە تەواوی پەیوەندییە جۆراوجۆرەکانی ژیانی مرۆڤ ڕێکدەخات، بەبێ بوونی زمان مرۆڤ ناتوانێت پێداویستییە ماددی و مەعنەوییەکان دەستەبەربکات، چونکە زمان پردی پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکانە. یەکێك لە فاکتەرەکانی ژیان کە کاریگەرییان لەسەر زمان هەیە، بریتین لە کارتێکەرە دەروونییەکان، ئەو کارتێکەرە دەروونییانەش ڕەنگدانەوەی هێندە ئاشکراو دیارە، وایکردووە لقێکی زمانەوانی بێتە ئاراوە بەناوی زمانەوانی دەروونیی. زمان دەتوانێت چەندین شێوازی زمانیی جیاجیا بهێنێتە ئاراوە، کە هەریەك لەم شێوازە زمانییانە هۆکاری دیاریکراوی لەپشتە. زمان و دەروونیش کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر یەکترهەیە، بەشێوەیەك دەتوانین بڵێین زمان ڕەنگدانەوەی ڕاستەخۆی دەروونە و کاریگەری لەسەر دەروونیش هەیە. ئەم کاریگەرییەش وایکردووە چەندین شێوازی زمانیی جیاواز بەپێی لایەنی دەروونیی_دروست ببێت، لە دووتوێی توێژینەوەکە بەشێك لەم ڕەهەند و لایەنە جیاوازانەی شێوازی ئاخاوتن وەرگیراوە.

**<u>وشە سەرەکییەکان:</u>** زمان، شێوازی زمانیی، دەروون، زمانەوانی دەروونیی.

**پێشەکی :**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ ناساندنی شێوازی زمانیی بە گشتی و جۆرەکانی شێوازی زمانیی بەپێی لایەنی دەروونیی بەتایبەتی، ئەو جۆرە شێوازە زمانییەش لە ئەنجامی کۆمەڵێك فاکتەری دەروونیی دروستدەبێت، هەموو جۆرە شێوازێکی زمانیی کاریگەری دەروونیی لەسەر کەسایەتی وەرگر هەیە، ئاخێوەریش ڕەنگە بەمەبەست یان بێ مەبەست شێوازە زمانییەکەی خۆی ئاڕاستە بکات.

**1-0:ناونیشانی توێژینەوەکە:** ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە **(پۆلینکردنی شێوازی زمانی لەڕووی ڕەهەندی دەروونییەوە)**، کە توێژینەوەیەکی زمانەوانیی کارەکییە و هەوڵێکە بۆ ناساندن و خستنەڕووی شێوازە زمانییە جیاجیاکان بەپێی لایەنی دەروونیی.

**2-0:گرنگی توێژینەوەکە:** گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە کە بەشێوەیەکی وردتر و جیاوازتر شێوازە زمانییەکان بە پێی لایەنی دەروونیی دیاریکراوە، ئەگەرچی پێشتر لەچەندین سەرچاوەی دیکە بەکورتیی و لەژێر ناونیشانی دیکە ئاماژەپێکراوە.

**3-0:ئامانجی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەدا ئامانجی سەرەکی ئەوەیە، کە زیاتر تیشك بخرێتەسەر شێوازی زمانیی بە پێی لایەنی دەروونی و دەرخستنی کاریگەری ئەو شێوازە زمانییانە.

**4-0:ڕێبازی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی (وەسفی شیکاری) گیراوەتەبەر، بۆ بەمەبەستی خستنەڕووی وردەکارییەکانی نێو توێژینەوەکە، سودیشی لە کۆمەڵێك سەرچاوەی زمانەوانیی و دەروونیی وەرگرتووە.

**5-0:هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:** پێویستی و بە گرنگ زانینی ناونیشانی توێژینەوەکە، هەروەها کەمی توێژینەوە لەم بابەتە لەناو سەرچاوە کوردییەکاندا.

**6-0:سنوری توێژینەوەکە:** سنوری توێژینەوەکە بریتییە لە ( زمانی کوردی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست)، لە چوارچێوەی ئەم دیالێکتە هەوڵدراوە نموونەی شێوازە زمانییەکان بخرێتەڕوو.

**7-0:ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە لە پێشەکییەك و دوو بەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا باس لە پەیوەندی و کاریگەریی نێوان زمان و شێوازی ئاخاوتن و نوسین کراوە، هەروەها هەر لەم بەشدا باس لە شێوازی زمانی و دەروون کراوە، لە بەشی دووەمدا هەندێك لە جۆرە جیاجیاکانی شێوازی زمانی بە پێی ڕەهەندی دەروونی باسکراوە، لە کۆتایشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی دانراوە.

## بەشی یەکەم: زمان و شێواز ( پەیوەندی و کاریگەری)

### 1/1) چەمکی زمان : (The concept of language)

زمان ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر لە گەشەسەندن و پێشخستنی کۆمەڵگەدا دەگێڕێت، زمان یەکێکە لەو ئامرازە گرنگانەی مرۆڤ بۆ پەیوەندیکردن و کارلێکردن لەگەڵ دەوروبەرەکەی خۆی بەکاریدەهێنێت، تەنانەت کەسایەتی هەر تاکێکش بەهۆی زمانەوە دەناسرێت و لێی دەڕوانرێت، کەواتە زمان ناسنامەی تاکە و تاکەکانیش بەشێکن لە پێکهاتەی کۆمەڵگاکان، مرۆڤ ژیرترین بونەوەرە، کە بەهۆی زمانەکەیەوە لە بونەوەرانی تر جیادەکرێتەوە ،پێشکەوتنی مرۆڤ لەسەرەتای ژیانییەوە بەهۆی کاری هەرەوەزییەوە بووە، کە ئەمەش بەهۆی ئەم ئامرازە گرنگە بووە، کە بووەتە هۆی بەستانەوەی تاکەکان بەیەکترەوە، جگە لەوەش زمان تاکە ڕێگەیە بۆ پاراستن و گەیاندنی کەلتوور و زانیاری لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر.

ڕەوڕەوەی ژیان بەبێ زمان دەوەستێت، بوونی ژیان لە بوونی زمانە، هاوتەریبی یەکترن، زمان پێکاهاتەیەکی زۆر ئاڵۆز و تێکچڕژاوە مرۆڤ بۆ دۆزینەوە و نهێنی زیندوویەتی زمان هەمیشە لە هەوڵدان بووە، واتە بۆ ئەنجامدانی هەر کارێك زمان چەکی دەستیەتی بەبێ زمان ناتوانێت هیچ هەنگاوێکی کردەیی و ژیریی بنێت، لە پێشکەوتن و داهێنان دەکەوێت دەستەوەستان دەبێت، زمان لەگەڵ پێشکەوتنی گشت بوارەکانی ژیان هەنگاو دەنێت

و شان بەشانی دەڕوات. لە چەمکی زمان چەندین بیروبۆچوونی جیاواز لەلایەن زمانەوانەکانەوە خراونەتەڕوو، توێژینەوەکە بەشێك لەم پێناسە و چەمکانەی زمان وەردەگرێت.

**2/1 ) چەمکی زمان لە ڕووی دەروونییەوە :**

ئەو وشانەی مرۆڤ دەریان دەبڕێت، تا ڕادەیەکی زۆر گوزارشت لە لایەنی دەروونی تاکەکان دەکەن، فەیلەسوفی یۆنانی ئەرستۆ دەڵێ:((وشە کە بە دەنگ دەردەبڕرێ ، نیشانەی زادەی گەوهەری دەروونە)) (میدیا، 1998: 34). زۆربەی زمانەوانەکان لەسەر ئەمە هاوڕان((زمان کاریگەری لایەنی عەقڵی و دەرونی تاکەکانی بەسەرەوەیە))(دەرون عەبدولڕەحمان،2014: 6))، هەروەها نوام چۆمسکی، چەندین پێناسەی بۆ زمان کردووە لە تیۆرە زمانەوانییەکانی خۆیدا، هەر یەکێك لەم پێناسانەی پەیوەستن بەو قۆناغەی، کە تێڕوانینی بۆ زمان کردووە، یەکێکیش لەم پێناسانە ئەمە، کە دەڵێت: (زمان ئاوێنەی زەینییە)، لە ڕوانگەی ئەم پێناسەوە چۆمسکی دوو شتی لەیەکتر جیاکردووەتەوە ئەوانیش (توانست - Competence ) و ( چالاکی - Preformance )ن، هەر یەکێك لەمانەی ڕوونکردووەتەوە(توانست)سیستەمێکی ئەبستراکە، چۆمسکی ناوی ناوە مۆدەلی توانست( Competence Model )، کە سیستەمێکی سایکۆلۆژییە و زانیارییەکانی نابەرجەستەن، توانا بە مرۆڤ دەدات بۆ بەرهەمهێنانی قسە و ئاخاوتنی واتادار لە زماندا، هەروەها دەڵێ: مۆدەلی چالاکی (Preformance Model) کردەیەکی سایکۆلۆژیی سروشتی و فیزیکییە، لەم پرۆسەیەدا دەکرێت قسەکەر ئاخاوتن دەربڕێ، لە چوارچێوەی ئەم پێناسەیە ئەوە دەردەکەوێت، کە توانست زانیارییە زمانییەکانی مێشکی قسەکەر و گوێگرە، توانست هەڵە ناکات هەموو کەسێکی ئاسایی هەیەتی، بەڕێگەی بۆماوەیی دەگوازرێتەوە. بەڵام چالاکی کردەی دەربڕینی قسەکردن و ئاخاوتن دەگرێتەوە، جێگیرنیە و هەڵەدەکات، چونکە ئاخاوتن بەپێی هەڵوێستی قسەکەر دەگۆڕدرێت(پەیمان حسن، 2010 ، 76 )، هەروەها دەکرێت زمان بۆ دەربڕینی مەبەستەکان وەکو ئامرازێك بەکاربهێنرێت((زمان کۆمەڵە شێوازێکی جیایە، کە هەر یەکەیان بۆ بارێکی تایبەتی دەست دەدات))(محمد معروف ، 2011 :11 ) لەم پێناسەیەدا ئەوە دەردەکەوێت ،کە زمان یەك شێواز نیە تەنانەت لای تاکەکانیش شێوازەکان جیاوازن بەپێی بارودۆخ و ژینگە و کاریگەریی دەروونی و هەروەها بەپێی ڕەگەز و تەمەن و چین و توێژی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت.

- ((زمان سیستەمێکە لە نیشانە ، لەخۆوە لەسەری ڕێککەوتوون ، توانی دابەشکردنی هەیە ، تاکە کەس وەك ئامرازێك بەکاریدەهێنێت بۆ دەربڕینی مەبەستەکانی ، بۆ پەیوەندیکردن بە کەسانی دیکەوە لە ڕێگەی ئاخاوتن و نوسینەوە))(محمدمحمد یونس ، 2010 : 29) زمان دەرخستنی ئەو لایەنە شاراوانەیە، کە لە زەین و مێشکی مرۆڤدا دەخولێتەوە، واتە زمان جگە لە بنەما ژێربێژییەکەی کە لەسەری بنیاتنراوە، خاوەنی هەست و سۆزێکی دیاریکراویشە. لایەنەکانی وەك هەست و سۆز و بیر و بۆچوونەکان، کە دەبنە کەرەسەی دەروونناسی، دەروونناسی لێکۆڵینەو و توێژینەوەی وردیان لەسەر دەکات، بێگومان لە ڕێگەی زمانەوە هەموو ئەمانە دەردەبڕدرێت، واتە ناکرێت تەنیا لێکۆڵینەوە لە لایەنی کرداری هۆشەکییەوە بکرێت لە زماندا، بەڵکو ئاخێوەر کە قسەدەکات بۆئەوەیە کاریگەریی دروستبکات لەسەر گوێگر بە دەربڕینی هەست و سۆز و بیری، بەڵام دەبێت ئەوەش بگوترێت، مرۆڤ کە زمان بەکاردەهێنێت تەنیا بۆ ڕادەربڕین نیە، بەڵکو گەلێك جار بۆ ئەو مەبەستە زمان بەکاردەهێنێت، تا بزانێت ئەو بیرۆکانەی لەدەروونی حەشاردراوە لە ڕێگەی زمانەوە نمایشیان بکات، چونکە لە نێوان زمان و بیر پەیوەندییەکی زۆر توندوتۆڵ هەیە(وەفاء کاظم ، 2013 :11 ) ، کەواتە زمان ئاوێنەی ڕاستەقینەی مێشکە پیشاندەری ئەو شتە شاراوانەیە کە لە مێشکدا دەخولێنەوە، لە ڕوانگەی ئەم پێناسە زۆرانەی کە بۆ چەمکی زمان کراون، دەکرێ بگوترێت زمان ئامرازێکی زۆر گرنگ و بایەخدارە، مرۆڤ بەهۆی زمانەوە زانیارییەکانی دەگوازێتەوە بۆ کەسی بەرامبەر، بەشێوەیەکی گشتی زمان هۆیەکە بۆ لەیەکترگەیشتن لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵدا دەبێتە هۆی بەستنی

پەیوەندی کۆمەڵایەتی، کەواتە زمان بەشێکی دانەبڕاوی ژیانی مرۆڤە، بە هەبوونی زمان کۆمەڵ دروستبووە، نە زمان بێ کۆمەڵ دەبێت و نە کۆمەڵیش بێ زمان دەبێت.

**3/1) جۆرەکانی شێوازی زمانیی:**

هەموو شێوازێکی زمانیی دەکرێت بەهۆی ئاخاوتن یان نوسین ئاڕاستە بکرێت، کە لەگەڵ ئامانجی پەیوەندیکردن و ئاستی زمانەوانی قسەکەرەکان دا بگونجێت، ((شێواز بەپێی باری گوتن و بابەتی گوتن و نێوانی گوتن و پلە و پایەی هاوبەشەکانی قسە و تەمەن و جنسیان دەگۆڕێت ))(محەمەد معروف ، 2010 : 88 ) تاکەکانی هەر کۆمەڵگایەك بەهۆی زمانەوە بیرەکانی خۆیان دەردەبڕن، ئەو دەربڕینەش دەبێتە شێوازی قسەکەرەکە یان نوسەرەکە، لەم چوارچێوەیەدا ڕۆڵی لێکۆڵینەوە لە شێوازە زمانەوانییەکان و تێگەیشتن لە شێوازەکانی بەکارهێنان و مەبەستەکانیان لە پەیوەندی زمانەوانییدا دێتە گۆڕەپانەکەوە، (ماکس جاکوب) دەڵێت : ((کرۆکی مرۆڤ لە زمان و هەستەکانی دا شاردراونەتەوە))(ئومێد محمد ، 2023 : 15) واتە لە ڕێگەی ئەو دەربڕینانەوە هەست و نەستی کەسەکان دەردەکەوێت و لێیان تێگەین، زمان و بابەتە زمانەوانییەکان پێگەیەکی زۆر گرنگیان لە شێوازدا هەیە، چونکە زمان یەکەی بەرجەستەکردن و وێناکردنی بیرۆکە و هەست و سۆز و خەیاڵی مرۆڤە، بەشێك لە لێکۆڵەران پێیان وایە شێواز لە ناو زانستی زمانەوانیی جێی خۆی گرتووە، بەڵام زمانەوانانی نوێ کە لە شێوازیان کۆڵیوەتەوە وەکو بابەتێکی سەربەخۆ سەیریان کردووە.

مرۆڤ بەهۆی زمانەوە بیرەکانی دەردەبڕێت، ئەم دەربڕینانەش چ بەشێوەی ئاخاوتن یان نووسین بێت دەبێتە شێوازی زمانی ئەو کەسە، چونکە زمان تاکە ئامرازی تێگەیشتنە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا، کە هەڵسوکەوت و سروشتی ئەو کەسانە شێوازی جۆراوجۆر و لەیەکتر جیاواز دروستدەکەن، هەموو ئەمانە لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانەوە دەبێت(شەیدا ڕەشید، 2016 : 13 )، شێواز شارەزابوونە لەشیکردنەوەی زمان، ئاستەکانی زمان دەکاتە ئامرازێك بۆ لێکۆڵینەوەی لە زمانیی ئاخاوتن و زمانیی نوسراودا.

شێواز لەبەر ڕۆشنایی زمانەوانی دروستبووە، هەر لەم بارەیەوە (یاکبسن) دەڵێت : شێوازگەری هونەرێکە لە هونەرەکانی درەختی زمانەوانی نوێ، لەژێر هەمان بیرۆکە ریفاتیریش بەم شێوەیە لە شێوازی ڕوانیوە، کە دەڵێت: شێوازگەری بریتییە لە پەیوەندی نێوان خوێنەر و نوسەر و پەیام ، کە بە زمانەوە وەدی دێت. ( ئیدریس عەبدوڵڵا ، 2010 : 17 ) سیحری زمان لێرەدا دەردەکەوێت، کە شێوازی زمانەکەی بگۆڕێت و بیکات بە ئامرازێك بۆ تێگەیشتن و کاریگەری لەسەر تاکەکان، هەر وشەیەك کاریگەری خۆی هەیە، هەر دەربڕینێك نوسراو یان زارەکی بێت نیشانەی خۆی هەڵدەگرێت، شێوزای زمانی هونەرێکە کە جوانی لەگەڵ ڕازیکردن تێکەڵ دەکات، هەروەها هێزی شێوازی زمانی کاریگەریی لەسەر گوێگران و خوێنەران دروستدەکات.

**1-3/1) شێوازی ئاخاوتن**

شێوازی ئاخاوتن باس لە شێوازی دەربڕین و بیرکردنەوە و هەستەکانی تاکەکان دەکات لەڕێگەی زمانەوە ، چۆن ئەمە کاریگەری لەسەر کەسانی تردا دەبێت، ئەم بابەتە بەشێکی جەوهەرییە لە توێژینەوەی زمانەوانی کۆمەڵایەتیدا، چونکە پەیوەندی بە سروشتی زمانی بەکارهێنراو، شێوازی داڕشتنەکەوە هەیە، هەروەها کاریگەری

ئەو شێوازە لەسەر گوێگران و وەرگران دەبێت،ناکرێت مرۆڤ لە ئاخاوتنەکانیدا هەست ونەستی بەرامبەرەکەی لەبەرچاونەگرێت، بە شێوازی جیاواز و تایبەت لەگەڵیاندا بدوێت، هەروەك (فێرس) دەڵێت: (لەقسەکردندا بەرامبەرێکمان هەیە، ئەبێ بەشێوازێکی تایبەت لەگەڵیادا بدوێین، واتە؛ دەبێت لەگەڵیدا بگونجێین)(بەکرعومەر و شێرکۆ حەمەئەمین، 2007 : 35 )، کەواتە پێویستە لەکاتی ئاخاوتن مرۆڤ هەست و نەستی بەرامبەرەکانی لەبەرچاوبگرێت، بۆ هەر کەس و تەمەن و ڕەگەز و پلەوپایەیەکی کۆمەڵایەتی جیاواز بەشێوازێك قسەبکات، ئەو شێوازە ئاخاوتنەی مرۆڤ هەڵیدەبژێرێت ڕەنگە بۆ کات و ساتێکی دیاریکراو بێت، چونکە هەر جۆرێکی شێوازی ئاخاوتن بۆ دەوروبەرێکی تایبەت دەستدەدەن، لەم ڕوانگەیەوە دەبێت نێرەر بەپێی ویستی کۆمەڵگە هەڵسوکەوت بکات و سنور و شوێنی خۆی بزانێت(عەبدولموتەلیب عەبدوللا ، 2020 : 66 ) هەروەها شێوازی قسەکردن بەپێی هۆکاری جۆراوجۆر دەگۆڕێت، وەك : ژینگەی کۆمەڵایەتی ، پەروەردەیی و کەسی . بۆ نمونە ڕەنگە شێوازی قسەکردنی کەسێك بگۆڕیت بەپێی ئەوەی، کە ئایا قسە لەگەڵ هاوکارێکی یان هاوڕێیەکی یان سەرۆکێکی یان تەنانەت کۆمەڵێك منداڵ دەکات، ئەم گۆڕانکاریانە تەنیا گونجانێك نیە لەگەڵ زمانەکەیدا، بەڵکو دەربڕینێکە بۆ تێگەیشتنێکی قوڵتر لە پەیوەندی و دەوروبەری نێوان قسەکەر و گوێگر.

قسەکەر لەهەر دۆخێکدا شێوازی تایبەت بەم دۆخە هەڵدەبژێرێت، وشە و دەستەواژەکانیشی تایبەت دەبێت بەم دۆخەوە، لەم بارەیەوە (سعد مصلوح) دەڵێت: شێواز هەڵبژاردن و هەڵێنجانە، کە لەلایەن دانەرەکەیەوە ئەنجامدەدرێ، بەمەبەستی دەربڕین لە دۆخێکی دیاریکراودا (حاجی عبدالرحمن،2017 : 8) ئاخاوتن ئەوندەی ڕوداوێکی کۆمەڵایەتییە ئەوەندە ڕوداوێکی تاکە کەسی نیە، چونکە ئاخاوتن قسەکردنە لە نێوان دوو کەس یان زیاتر، هەر لە ڕێگای شێوازی ئاخاوتنەوە دەتوانرێ جیاوازی نێوان زمانی منداڵ و زمانی گەورە و زمانی چینی خوێندەوار و چینی نەخوێندەوار و زمانی لادێ نشینان و شارنشینان و زمانی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگە دیاری بکرێت(سامان عەبدوڵلا، 2022 : 132) جیاوازی لە شێوازی ئاخاوتنی زمانی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ بوار و کار و پیشەی جیاواز، فەرهەنگی وشەیی کەسێك لە بوارە پیشەییەکاندا کاردەکات تەواو جیاوازە لە فەرهەنگی کەسێك، کە لە بواری پەروەردەیی یان ڕاگەیاندن کاردەکات، واتە شێوازی ئاخاوتن هەموو ئەو تایبەتمەندییە زمانی و شێوازە جیاوازانە دەگرێتەوە، کە تاکەکانی کۆمەڵگە لە کار و پیشە، بۆنەی گشتی، ژیانی تایبەتی ڕۆژانە، کات و شوێن، سەردەمی جیاواز بەکاری دێنێت، هەموو ئەمانە بۆ بنیاتنای پەیوەندییەکی تەندروست و تۆکمەیە.

### 2-3/1) شێوازی نوسین

نوسین پەنجەرەیەکە بۆ ناو جیهانی بیر و سۆز، نوسەر بۆ لە قاڵبدانی بیر و بۆچوون و هەست و سۆزی خۆی بەکاری دەهێنێت و دای دەڕێژێت، لە هەمان کاتدا هەوڵدەدات خوێنەر بباتە ناو جیهانەکەی خۆیەوە، دەیەوێت بە جوانترین شێوە وشە و ڕستە و دەستەواژە بیر و بۆچوونەکانی خۆی بە خوێنەر بگەیەنێت، شێواز تەنیا ئامرازی پەیوەندیکردن نیە، بەڵکو ئامرازێکی کاریگەریشە بەو پێیەی نوسەر لە ڕێگەی نوسینەوە ڕوح بەبەر قسەکانیدا دەکات، کاریگەرییەکی قوڵ بەجێدەهێڵێت و خوێندنەوە دەکاتە ئەزموونێکی کاریگەر، کە دەست لە ویژدانی خوێنەر بدات، لەم بارەیەوە (پیرجیرۆ)دەڵێت:((شێواز ڕێگەیەکی نوسینە، لەلایەکی ترەوە ڕێگەیەکی نوسینی نوسەرێك لە نوسەرەکان، جۆرێك لە جۆرەکان، سەردەمێك لە سەردەمەکانە.. فەرهەنگە هاوچەرخەکانمان ئەو پێناسەیەیان بە میرات وەرگرتووە))(ئیدریس عەبدوڵلا،2011 ، 13). نابێت ئەوەش لەبیربکرێ ڕەنگە مەرج نەبێت ناوەڕۆکی هەموو نوسینێك ڕێك هەڵگری مانا و لێکدانەوەی لایەنی دەروونی و بیر و باوەڕە تایبەتییەکانی خاوەنەکەی بێت، دەکرێت نوسەرێك لەبوارێك یان بۆ لایەنێك یان ئایدۆلۆژییایەك یان هەر دەزگایەك بنوسێت، لەم بارەدا نوسینەکە گوازرشتکردن نیە لە هەست و سۆزی نوسەرەکە، بەڵکو گوزارشتە لە هەست و سۆز و ئازارەکانی ئەو کەسەی

یان ئەو لایەنەی یان ئەو بارودۆخەی بۆی نوسیوە، لەم کاتەدا بە پێوەری دەقە نوسراوەکە مامەڵە لەگەڵ شێوازی زمانی نوسینی دەقەکە دەکرێت(صافیە محەمەد ، 2009 : 19 ) شێوازی نوسین هۆکارێکە نوسەر یان شاعیر بۆ بەرجەستەکردنی نوسینی بەرهەمەکەی بەکاری دەهێنێت، واتا ڕێگەیەکە بە هۆیەوە گوزارشت لە پەیام و مەبەستە دەروونی و عەقڵییەکانی خۆی دەکات.

جۆری هەڵبژاردنی بابەتێك ، کە نوسەر دایدەڕێژێت هونەرێکە بۆ گوزارشتکردن و دەربڕینی ئەو بیر و مەبەستانەی لە دەروونییدایە، واتە شێواز ڕێگایەکی تایبەتە بەهۆیەوە لەڕێگەی نوسینەوە لە داڕشتنێکی تایبەت بەخۆی و زمانەکەیەوە بیرەکانی پێ دەردەبڕێت(حەمەنوری عمر ، 2008 : 26 )، (پرۆست) جەخت لەوە دەکاتەوە، کە هەموو نوسەرێك، هونەرمەندێکی گەورە جێ پەنجەی خۆی لەسەر ئەو شتانە بەجێبهێڵێت کە دەینوسێت، چونکە لە هەموو بابەتێکدا ئەو شتانە لە ناخیدا دەردەهێنێت دەیانوسێت، کە لەگەڵ هەستی کەسی خۆیدا بگونجێت، کە لە کاتی نوسیندا بەکاردێنێت(منذر عیاشي ، 2002 : 34 ) شێوازی نوسین، بەهۆی بەکارهێنانی زمانەوە دەبێت بۆ دەربڕین یان نوسینی بابەتێك، کە هەندێك وشە لە هەندێك وشە بە بەهێزتر دەزانێت، بۆ گوزارشتکردنەکەی، مرۆڤ بۆ گوزارشتکردن لە پەیام و مەبەستی خۆی سود لە توانای زمانەوانی خۆی وەردەگرێت، دێت لە نێوان کەرەسە زمانییەکان لە فەرهەنگی خۆیەوە وشە و دەستەواژەکان هەڵدەبژێرێت و بنیاتی ڕستەی ڕێزمانیان لێ دروستدەکات، دواجار شێوازی تایبەتی لێدەکەوێتەوە، لێرەشدا داڕشتنی زمانێکی پوخت، ڕێك و پێك، نوسەر یان شاعیر هەوڵدەدات بە شێوازێك بنوسێت کە جۆرێك لە گونجانی تێدا بێت لەگەڵ ڕێزمانی زمانەیەکەوە.

**4/1 ) شێوازی ئاخاوتن و لایەنی دەروونیی**

شێوازی ئاخاوتن وەک لە پێشتر باسکرا، ئامرازێکی بنەڕەتی پەیوەندی مرۆڤە، بەو مانایەی گوزارشت لە بیرکردنەوە و هەست و نەست دەکات و کاریگەری لەسەر دروستبوونی پەیوەندییە کەسی و کۆمەڵایەتییەکانی تاک هەیە، چونکە ڕەنگدانەوەی لایەنە قوڵەکانی کەسایەتی و باری دەروونی قسەکەر پیشاندەدات و دەردەخات.

زمان تا ئەو کاتەی کە لە مێشکدایە بیرۆکەیەکە، دەخرێتە قاڵبی کۆمەڵێک دەنگ و وشە و ڕستەوە هەموو ئەمانە ئاخاوتن دروستدەکەن، بەدەربڕینیان گوزارشت لە بیرکردنەوە و هەست و نەستی هەر تاکێک دەکەن، لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا گرنگی ئاخاوتنی زمانی لەوەدایە، تاکە هۆکاری ئاشکراکردنی ناخ (دەروون)، واتە ئەگەر ئاخاوتنی زمانی نەبایە مرۆڤ نەیدەتوانی بەئاسانی ئەوەی لە ناخی دایە بگەیەنێتە دەوروبەرەکەیەوە، هەروەها نەیدەتوانی پەیام و دنیابینینی خۆی پەخشبکات بۆ ژیان( ئیدرس عەبدوڵلا،2021: 8- 9)، پەیوەندی نێوان زمانیی دەربڕین و لایەنی دەروونیی تاک پەیوەستە بە ناوەوەی مرۆڤ، هەموو قسەکردنێک پەیامی ناخی مرۆڤە، لەم بارەیەوە فیندرس (1875) دەڵێت هەر ڕوداوێکی زارەکی بریتییە لە دەربڕینێکی تایبەت، کە هەستێکی دیاریکراو بەرهەم دەهێنێت، بۆیە هیچ کەسێک هەمان زانیاری بە یەک شێواز دەرنابڕێت و پێشکەشی ناکات، لە نووسینە زمانەوانییەکانیدا ئەوەی تێبینی کردبوو، کە پرۆسە زارەکی و عەقڵییەکان زۆر نزیکن لە پرۆسە هەستی و دەروونییەکان(عزیز کعواش، 2021: 453)، کەواتە ئەمە دەردەکەوێت، هەموو دۆخێکی دەروونی شێوازی ئاخاوتنی تایبەت بەخۆی هەیە، لە قسەکردندا تاکەکان دێن فۆرمە زمانەوانییەکان و هەست و سۆزی ناوەوەی خۆیان یەک دەخەن و بەیەکەوە گرێیان دەدەن و ئینجا دێن دەریان دەبڕن.

مرۆڤ کاتێک بیرەکانی خۆی دەردەبڕێت لە بارودۆخێکی دەروونی تایبەتدایە، واتە بەشێوەی ئەرێنی یان نەرێنی یان هەر جۆرێکی تر لە دەربڕینەکانی دادەنێت، ئەمانەش پەیوەستن بەو کات و هەلومەرجەی کە قسەکەر هەست و نەستی خۆی دەردەبڕێت. لەڕێگەی دەربڕینە زمانییەکانەوە شێوازی ئاخاوتنی و باری دەروونیی قسەکەر شیدەکرێتەوە و لێکدانەوەی بۆ دەکرێت(ئەمیر موحەممەد موحەممەدئەمین، 2023: 27) شێوازی ئاخاوتنی زمانی

هەڵگری واتای دەروونیین تایبەت بە کەسەکان، ئەمانەش خۆیان لە کۆمەڵێک دۆخی دەروونی جیاجیا دەبیننەوە وەکو:(دڵەڕاوکێ،ترس،باوەڕبەخۆبوون،تۆمەت،ڕەتکردنەوە،خۆشی،ناخۆشی،بێمتمانەی،پەشیمانی،دوودڵی،خۆبەکەمزان،خۆبەگەورەزانی... هتد).

دەشێ دەربڕینێک زیاتر لە واتایەک ببەخشێت، بەڵام قسەکەر دەزانێت بە چ مەبەستێک ئەو دەربڕینەی بەکارهێناوە، زۆر مەبەست دەگەیەنێت، بەڵام گوێگر بە مەستێکی تر لێی وەردەگرێت، ئەمەش دەوەستێتە سەربەکارهێنانی شێوازی دەربڕینەکە، ڕەنگە قسەکەر لای خۆی مەبەستی ستایشکردن و پێهەڵدانی کەسی بەرامبەر بێت، بەڵام لەوانەیە گوێگر بە پەلار و توانج و گاڵتەپێکردن تێبگات، یان بە پێچەوانە ئەمەش دەبێتە کێشەی گەیاندنی واتا لە دەربڕینە زمانییەکاندا، هەر ئەمەش وادەکات زۆرجار قسەکەر بەناچاری دەربڕینەکانی دووبارە بکاتەوە ، یان هێنانەوەی پۆزش و داوای لێبوردن بەکاربێنێت(هێمن عەبدولحەمید،2006: 27)، شێوازی دەربرینی زمانی تاکەکان بە شێوەیەکی گشتی پەیوەستە بە لایەنی دەربڕین و کاریگەری (ئەرێنی) یان کاریگەری (نەرێنی)، کاتێک قسەکەر بە شێوازێکی ئەرێنی قسەکان ئاراستەی بەرامبەر دەکات، وەکو (سوپاسکردن، ستایش، دەستخۆشیکردن...هتد) ئەوە بەرامبەرەکەی هەست بە ئاسوودەیی و باوەڕبەخۆبوون و خۆشەویستی دەکات لە قسەکانی بەرامبەریدا، بەڵام ئەگەر هەست دەربڕینەکە بە شێوەیەکی نەرێنی بوو، واتە (خۆتووڕەکردن، سەرزەنیشتکردن، هەڕەشەکردن) بوو، ئەوا کەسی بەرامبەر هەست بەدڵتەنگی و شلەژانی دەرونی یان باوەڕبەخۆ نەبوون و خۆبەکەمزانین دەبێتەوە، ئەمەش وادەکات کاریگەرییی نەرێنی لەسەر باری دەروونی گوێگر (وەرگر) بەجێبهێڵێت(رزگار واحد و بابا رەسوول نووری ،2012: 120 -121 )، کەواتە ئەوە دەرکەوت، شێوازی ئاخاوتن لە لایەنی دەروونی بە شێوەیەکی گشتی پەیوەستە بە (هەست دەربرین) و (هەست وروژاندن) بە لایەنی ئەرێنی یان نەرێنییەوە بێت:

1. **هەست دەربڕین** : هەستی خۆشی یان سوپاسکردن لە بەکارهێنانی وشەکان، کە گوزارشت لە ستایش دەکات، بۆ نموونە:

- هەبوونی ئێوە سەربەرزم.
- بە ئێوە دڵخۆشم .

تەنیا دەربڕینێك نیین، بەڵکو پیشاندانی بیرخستنەوەی بەهای بەرامبەرەکانییەتی، ئەمە هەست دەربڕینێکی ئەرێنی بوو، بەڵام دەربڕینی هەستەکانی بە شێوازێکی نەرێنی پەیوەندی بە هەڵوێستی بێزاری و تووڕەیی یان خەمەوە هەیە، بۆ نمونە:

- منتان بێ هیوا کرد .
- بێزار بووم لێتان.

ئەم جۆرە قسەکردنە کەسی بەرامبەر توشی دڵەڕاوکێ و بێ هیوابوون دەکات، هەست دەربرین واتە پیشاندان و دەرخستنی بیر و باوەڕ و تێڕوانین و ئارەزوی قسەکەر بەرامبەر بە خەڵک و دیاردەکان و دەوروبەری،(هێمن عەبدولحەمید ،2006: 28).

بۆ نموونە:

- هەست دەربڕینی ئەرێنی: - شانازیتان پێوە دەکەم . - بیرتان دەکەم.
- هەست دەربڕینی نەرێنی: - پۆلێکی زۆر ناخۆشە. – ئێوە زۆر بێزارکەرن.

2. **هەست وروژاندن** : ئەمەش هەردوو لایەنی (ئەرێنی) و (نەرێنی) دەگرێتەوە، مەبەست جوڵاندنی هەستی گوێگرە، قسەکەر دەیەوێت هەستەکانی بە شێوەیەکی (جوان یان ناشیرین یان خۆش یان ناخۆش...هتد) بگەیەنێت، ئەمەش مەبەستی تری لەدوایە، ڕەنگە بۆ هاندان بێت، یان بۆ بوارێک لە بوارەکانی ژیان یان ڕەنگە بۆ وازهێنان بێت، یان بۆ ئەجێندایەکی دیاریکراوبێت، کە قسەکەر مەبەستێتی بیداتە گوێگر، ئەم جۆرە هەستە زیاتر بۆ کاروباری بازرگانی ، ڕیکلامکردن و بانگەشەی هەڵبژاردن بەکاردێت.

کەواتە هەست دەربڕین و هەست وروژاندن هەردووکیان پەیوەستن بە ناخ (دەروون)ی مرۆڤەوە. زۆر لە یەکەوە نزیکن، بەڵام جیاوازییان ئەوەیە هەست دەربڕین ئەوەیە کە قسەکەر هەستی خۆی دەردەبڕێت بە ئەرێنی یان نەرێنی بێت، بەڵام هەست و وروژاندن ئەوەیە، کە قسەکەر دەیەوێت هەستێک لای گوێگر دروستبکات واتە کاردانەوەیەک دروستبکات، ڕەنگە ئەم کاردانەوەیەش بە مەبەست بێت(سەرچاوەی پێشوو،29).

لەم ڕوانگەیەوە ئەوە دەردەکەوێت شێوازی ئاخاوتن پەیوەستە بەخودی تاکەوە، بە بیرکردنەوە و هەستەکانی تاکە کەسەوە، هەروەها (شتاینتاڵ) دەڵێ: زمان ڕەنگدانەوەی بیری تاکە کەسە یان کۆمەڵە، واتای وشە سنووردارنییە، چونکە بە باری دەرونی و تاقیکردنەوەکانی مرۆڤ بەستراوەتەوە، هیچ وشەیەک واتای ناگاتە ڕاستی تاوەکو لە لایەن کەسێکەوە گۆنەکرێت، هەر لەم بارەیەوە بالی ئەمەی وتوە ((هەر کردەیەکی گوتن هەڵگری سیمایەکی کەسی و دەروونییە))(عەبدولواحید موشیر،2021: 35- 36). شێوازی ئاخاوتن پەیوەستە بە دەربڕینی هەست و سۆزی مرۆڤ و گەیاندنی بیرەکانی لە قسەکەرەوە بۆ گوێگرەوە، ئەم هەست و سۆزەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، وەکو یەک نین، ئەو ڕستە و وشە و دەستەواژانەی کە دەربڕینە زمانییەکان پێکدێنن ئاوێتەی هەست و سۆزی مرۆڤ دەبن و پەیوەست دەبن بە باری دەرونی قسەکەر و گوێگرەوە، واتا هیچ گوتن و ئاخاوتنێک سەرهەڵ نادات، ئەگەر بیرێکی قسەکەری لەگەڵ نەبێت، کە پێوەستە بە ناوەوەی مرۆڤ یان ناخی مرۆڤەوە، ئاڕاستەکردنی ئەم بیرانە بە گوێی گوێگر دووبارە وێنەیەکی ترلای گوێگر دروست دەکاتەوە، باری دەروونی کاریگەریی لەسەر شێوازی ئاخاوتن هەیە، شێوازی ئاخاوتنیش لە بەرامبەردا ڕەنگدانەوەی دۆخێکی دەروونییە، کە بۆ گوێگری دەگوازرێتەوە.

## بەشی دووەم: پەیوەندی شێوازی زمانیی و ڕەهەندی دەروونیی

### 1/2) زمان و دەروون (پەیوەندی و کاریگەریی)

زمان یەکێکە لە کاریگەرترین هۆکارەکانی پەیوەندیکردن لە ژیانی مرۆڤدا، لە ڕووی دەروونییەوە گرنگی زمان تەنیا سنووردارنییە بە دەربڕینی وشە، بەڵکو دەبێتە هۆکارێکی کاریگەر لەلایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی، ئاراستەکردنی ڕفتار و بنیاتنانی پەیوەندییە مرۆییەکان دەگرێتە خۆی.

مرۆڤ لە دێر زەمانەوە بۆ پەیوەندیکردن و مانەوەی لە کۆمەڵگاکەیدا پەنای بردووەتە بەر هێمای دەنگی، هەوڵی ئەوەی داوە ئەم کەرەسە نەبینراوانەی ناو دەروون (ناخ)ی لە کەرەسە دەنگییەکان باربکات و لە دەروونی خۆی بیانهێنێتە دەرەوە، ئەمە بە تێپەربوونی کات هەر کەرەسەیەکی نەبینراو و ناخی مرۆڤ زنجیرەیەک دەنگی لێ بارکراوە، بەسەریدا سەپێنراوە، ئەمانەش بوونەتە ناسنامەی هێما شارەوەکانی دەروونی بۆ جیهانی بینراو (دەرەوە)، هێما دەنگییەکان ئامرازی (نوێنەر)ی کەرەسەکانی ناوەوەی مرۆڤن، بەم کەرەسانەش دەوترێت (زمان)، کەرەسە نەبینراوەکانی ناوەوەی مرۆڤ، کە دەنگەکان دەریانخستوون پێی دەوترێت (واتا)، بەشێوەیەکی پوخت واتە دەنگ لە زمانە، واتا لە دەروونەوەیە(عەبدوڵڵا حوسێن ،2015: 74). هەر لەم بارەیەوە (سۆسێر) دەڵێ: شیکردنەوەی هێماکانی زمان و گۆڕینی بۆ (دەنگ) کارێکی میکانیکی ئاسانە، بەڵام لێکدانەوە و شیکردنەوەی هەوێنی (وشەکان)

و پێدانی مانا بە وشەکان کاریکی تا بڵێ گران و زەحمەتە( یوسف عوسمان ، 2004 : 12). پەیوەندی نێوان زمان و دەروون ڕەنگە زۆر کەس وا بیربکەنەوە، زمان وەکو بابەتێکی لێکۆڵنەوە تەنیا بۆ ئەو کەرسانە سنوورداره کە زمان و لقەکانی وەکو (ڕێزمان و شیعر و ئەدەب و ڕەوانبێژی) دەخوێنن، بە بڕوای هەندێکیان زمانەوانیی لێکۆڵینەوەی زانستیانەی قسەکردنە، لە (فێردیناند دی سۆسێر)ەوە سەرچاوەی گرتووە، ئامانجیان لێکۆڵینەوەی زمانە بە شێوەیەکی بابەتییانە و وەسفی، بەو پێیەی زمان لە ڕیشەی زۆربەی زانستە مرۆییەکاندایە، یان وەکو تۆخمێکی بنەڕەتی لە بواری لێکۆڵینەوە یان وەکو ئامرازێک، کە بۆ دەربڕین داتاکان دەبێت، چەمکەکانی زمانەوانیی لە زۆر بواردا لەگەڵ زانستەکانی تردا یەکانگیربوونە، کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەبووە، ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی (زمانەوانی کۆمەڵایەتیی) و (زمانەوانی دەروونیی) (جمعة سید یوسف ، 1990: 15) لە هەر بار و دۆخێکدابێت ئەگەر زمانەوانی سەرنجی خۆی ئاراستەی ئەو پەیامانە بکات، کە قسەکەر دەیەوێت لە ڕێگەی زمانەوە بیگەیەنێتە گوێگر، ئەوا پرۆسەی دەروونی پێش بەرهەمهێنانی پەیامەکە دەکەون.

دەروونناسەکان گرنگی بە قسەکردنی مرۆڤ دەدەن، ئەمەش لەبەرئەوە بووە تەنیا هۆکاری پەیوەندی کردنە لەنێوان تاکەکاندا، لەو ڕێگەیەوە زانیاری و هەڵچوون و هەست و سۆزەکان دەگوازرێتەوە، پەیوەندیی نێوان زمان و دەروونزانی لەو لایانانە دەکۆڵێتەوە، کە گەنجینەی وشەکان و زانیاری لایەنی هەڵچوونی وشەکان و بەستنی پەیوەندی و چۆنیەتی بەهێزکردنی ئەو پەیوەندیانە لە ڕێگەی زمانەوە دەبێت(عزالدین احمد ، 2015: 31)

واتە ئەوە دەرکەوت، کە خاڵی بەیەکگەیشتنی ئەم دوو زانستە بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە(زمان) سەرەڕای ئەوەی کارەکانی زمانەوانی جیاوازە لە کارەکانی دەروونناسان، زمانەوانی هەوڵدەدات وەسفی زمانێکی دیاریکراو بکات، لە ڕووی پێکهاتەکانی وشە و فەرهەنگ و مێژووی زمانەکە و چۆنیەتی نووسینی، هەروەها کێشەکانی ئەم زمانە، ئەمانە هیچ پەیوەندییەکان بە دەروونناسیەوە نییە، بەڵام مرۆڤەکان چۆن لە پەیوەندییەکان تێدەگەن بۆ وشەکان و دیاریکردنی تایبەتمەندییەکان و واتاکانیان، هەروەها چۆن قسەکەر وەڵامەکانی دەداتەوە؟ کەی دەگۆڕێت بۆ هێمای زمانەوانی پرۆسەیەکی دەروونییە کە لە مرۆڤدا ڕوودەدات و لە ئەنجامدا زمان دەبێتە بەرهەمهێنەری ئۆرگانی دەنگی، دەرئەنجامی لێک نزیکبوونەوەی نێوان دەروونناسی و زمانەوانی لە لێکۆڵینەوەی زماندا سەرهەڵدانی لقێکی سەربەخۆ بە ناوی دەروونناسی زمانەوانی یان زمانەوانی دەروونی لێکەوتەوە(جمعة سەید یوسف، 1990: 16). بە پێی ئەوەی زانستی دەروونناسی لێکۆڵینەوە لە ڕەوشت و ڕەفتار و پرۆسە عەقڵییەکان دەکات، ڕەفتاریش هەموو ئەو چالاکیانە دەگرێتەوە، کە مرۆڤ ئەنجامیان دەدات، یەکێکیش لەمانە(زمان)ە، پرۆسە عەقڵییەکان زۆر بوار دەگرێتەوە، کە کاریگەرییان لەسەر زمان دەبێت، ئەو چالاکییانەی کار لە زمان دەکەن ئەمانەن( بیرکردنەوە،هەستکردن،درککردن،یادکردنەوە، فێربوون...هتد)کەواتە ئەمە ئاشکرایە کە زانستی زمان بایەخ بە پێکهاتەی بنیاتی زمان دەدات، بەڵام دەروونزانی بایەخ بە چۆنیەتی فێربوونی زمان و توانستی قسەکردن و دەربڕین دەدات( لیا حسن ،2019: 283).

### 2/2) زمانەوانی دەروونیی

ناساندنی زاراوەی زمانەوانی دەروونیی و چۆنیەتی بەکارهێنانی لە زماندا ناوێکی تازەی زانستییە، هەردوو زانستی زمانەوانی و دەروونزانی بەیەکەوە دەبەستێتەوە، زمانەوانی دەروونیی هەوڵدەدات لە کاریگەرییەکانی زمان لەسەر تێگەیشتن تێبگات، ئەمەش وێنەیەکی گشتگیرترمان دەداتێ سەبارەت بەچۆنیەتی پێکهاتنی ناسنامەی زمانەوانی تاک، دەبێت ئەمەش بگوترێت ئەم زانستە تەنیا بە لێکۆڵینەوە لە تاک سنووردار نییە بەڵکو کاریگەری هۆکارە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان لەسەر زمان دەخاتەڕوو.

ئەگەرچی زیاتر لە ناوێك بۆ ئەم لقەی زمانەوانی کارەکیی هەیە، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا زاراوەی "زمانەوانی دەروونیی" بەکارهێنراوە، کەواتە پەیوەندی نێوان هەردوو زانستەکە پەیوەندییەکی ڕاستەقینەیە،

زانستی دەروون بە زانستی توێژینەوە لە ڕەفتار و چالاکییە ژیرییەکان بە ڕێگەی زانستی دەناسرێت و زمانیش لە مرۆڤدا ڕەفتارە، کە پەیوەندییەکی پتەوی بە چالاکییە ژیرییەکانەوە هەیە، ئەمەش ڕوونە، کە زمان لای مرۆڤ ئاگاییەکی زمانەوانی یان نازمانەوانی پێویستە،

زمانەوانی دەروونیی دەیەوێت وەڵامی ئەو پرسیارانە بزانێت( کەی و چۆن و بۆچی) ئەو وێنە و هەست و بیستنانەی لە مێشکی کەسێکدا، کە هەڵیگرتوون چۆن دەیانکات بە دەنگ ؟ و ئاڕاستەی کەسی بەرامبەر (گوێگر)ی دەکات، کەسی بەرامبەر کردارەکە چۆن پێچەوانە دەکاتەوە و دێت دەنگەکان لە مێشکی خۆیدا شیدەکاتەوە و دەیانگۆڕێت بۆ واتا، کەواتە زمان وەکو دراوێکی دووڕو وایە ڕووێکی دەنگە و ئەوەی تریان واتایە، دەنگ ڕووە دەرکەوتووەکەیە و واتا ڕووە نەبینراوەکەیە، کە لە ناخی مرۆڤدایە ئەمەش وادەکات، کە بگوترێت ڕووی دووەمی کەرەسەکانی زمان، کە واتایە لە ناخی (دەروون)ی مرۆڤدایە، هەر ئەمەش بوەتە هۆی ئەوەی، کە ڕێگەی سەرەکی چوونە ناو دەروونیی مرۆڤ بەهۆی زمانەوە بێت، بەهۆی ئەویشەوە ئەنجام بدرێت، زمانەوانان ناچارن بۆ توێژینەوە لە واتا ڕووبکەنە ناخی مرۆڤ، واتە دەبێت ئاگاداری کەرەسە دەروونییەکانی ناوەوەی مرۆڤ بن (عەبدوڵڵا حسێن ، 2015: 77 – 78)، ئەم زانستە هەموو ئەو بابەتانە دەگرێتەخۆی و شیکردنەوەیان بۆ دەکات، کە باسی پەیوەندی نێوان زمان و تواناکانی مرۆڤ دەکەن، وەک: (فێربوونی زمانی دایک، فێربوونی زمانی بیانی، ئەو هۆکارە دەروونییانەی کاریگەرییان لەسەر ئەم فێربوونە هەیە، هەروەها لێکۆڵینەوە لە کەموکوڕییەکانی گۆکردن و پەیوەندی نێوان دەروونی مرۆڤ و زمان بە گشتی دەکەن)(جمعة سەید یوسف، 1990 : 16- 17).

دەبێت ئەمە بگوترێت قوتابخانەی ڕەفتاری(Behavorism)[1] گرنگییەکی زۆری بە ڕەفتاری زمانەوانیداوە، کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر لێکۆڵینەوە زمانییەکانی زمانەوانە ئەمریکییەکان هەبووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، چونکە لە لێکۆڵینەوەی زماندا لەنێوان زمانەوانەکان و دەروونناسەکان جیاوازییەکی زۆر بەدی دەکرا، زمانەوانی زیاتر خۆی بەوە خەریک دەکات چۆن دەستەواژە و دەربڕاوەکان لە ڕستەی دەنگی قسەکەرەوە دەردەچێت و دەگاتە ئامێری بیستنی (گوێگر)، کەواتە ئەو پرۆسێسانەی لە مێشکدا ڕوودەدەن، پێش دەربڕینی دەستەواژەی گوتراو ناکەونە ناو چوارچێوەی زمانەوە، بەڵکو لە چوارچێوەی دەروونناسی دایە (فەردینان دی سۆسۆر و ئەوانیتر، 2005 : 75- 76) پەیوەندی نێوان هەردوو زانستەکە پەیوەندییەکی بەهێزە، خاڵی هاوبەشی نێوانیان دەردەکەوێت بەهۆی زمانی گوتراوە، چونکە دواجار هەموو ئەو زانیارییە پەنگخواردووانە لە ناوناخی مرۆڤدان، زمان نوێنەرایەتییان دەکات و بۆ گوێگر هەڵیان دەڕێژێت، بەم پێیە ڕوانینی زمانی مرۆڤ هەڵوێستەی لەسەر دەکرێت و بە لەبەرچاوگرتنی بنەماکانی دەروونناسی، تاوەکو لایەنە شاراوەکانی زمان بخرێنەڕوو، لەم بارەیەوە (جیفری) باس لە کاتی بەکارهێنانی زمان دەکات، دەڵێت: دەبێت ئەم پرۆسە دەروونییانە لە کاتی ئاخاوتندا (قسەکردن)دا بەرجەستە دەبن، دەبێت چی بن؟ ئاخاوتن ڕۆڵێکی گرینگی دەبێت هەر تاکێک بە پرۆسەی دەروونیی تایبەت تێدەپەڕێت، کە ئەمەش لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر جیاوازە هەرئەمەشە دەتوانرێت بگوترێت زمانەوانی دەروونی بەشێوەیەکی گشتی لێکۆڵینەوە لە یەکە زمانییەکان دەکات، کە پەیوەندی بە ناخی (دەروون)ی مرۆڤەوە هەیە، کە ئەویش دەربڕینە زمانییەکانی قسەکەر بۆ گوێگر دەگرێتەوە.

زمانەوانی دەروونیی چەندین پێناسەی بۆ کراوە ،هەریەک لەم پێناسانە بە پێی بوار و کارکردن و ڕێبازی فکری زاناکان، مانا و مەبەستی جیاجیا لەخۆدەگرێت، واتە بە پێی پسپۆڕییەتیی خۆیان لە زمانەوانی دەروونییان ڕوانیوە، لێرەدا توێژینەوەکە چەند پێناسەیەک دەخاتەڕوو:

- جاک ڕیچاردز و هاوکارانی: ئەو زانستەیە گرینگی بە لێکۆڵینەوەی ڕەفتاری زمانی مرۆڤ و پرۆسە دەروونییەکان لە کاتی بەکارهێنانی زمان دەدات، لە ڕووی تێگەیشتن و بەرهەمهێنان و وەرگرتنەوە(جاسم علي ، 2010 : 508).

Geoffrey- : زمانەوانی دەروونیی لێکۆڵینەوە لەو پرۆسە دەروونییانە دەکات، کە لە بەکارهێنانی زماندا بەشداربووە ( ئەمیر موحەممەد، 2023: 12)

- دیڤید کریستاڵ : زمانەوانی دەروونیی لقێکی زمانەوانییە، کە لێکۆڵنەوە لە پەیوەندی نێوان ڕەفتاری زمانەوانی و ئەو پرۆسە دەروونییانە دەکات، کەوا دادەنرێت بنچینەی ئەو ڕەفتارەبن(DAVID CRYSTAL,2008:398)

- چۆمسکی: زمانەوانی دەروونیی لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی نێوان زمان و بیر و هۆشی مرۆڤ دەکات (ئەڤین سامی ،2011: 31)

- العصيلي: زمانەوانی دەروونیی ئەم زانستەیە گرینگی دەدات بە لێکۆڵینەوە لە ڕەفتاری زمانی مرۆڤ و ئەو پرۆسە دەروونی و عەقڵی و زانیارییانەی، کە لە کاتی بەکارهێنانی زماندا ڕوودەدەن، هەروەها ئەم پرۆسانەی کە مرۆڤ لە ڕێگایانەوە فێری زمان دەبێت(عبدالعزيز بن ابراهيم العصيلي،2006: 27)

- یوسف شەریف : زمانەوانیی دەروونی لقێکە لە زمانەوانی کارەکی لە ڕێگای فێربوونی زمانی دایک و فێرکردنی زمانی بێگانە و هۆکارە دەروونییە کاریگەرییەکانی سەر ئەم کردە و کەموکورتییەکانی گۆکردن و چارەسەرییەکان و پەیوەندیی نێوان دەروونی و مرۆڤایەتی و زمان بە شێوەیەکی گشتی و کردە دەروونییەکان و هزرییەکان و کارامەیی زمانییە جیاوازەکان دەکۆڵێتەوە (یوسف شەریف،2011: 61 -17)

- عەبدوڵڵا حسێن : دەروزمانی بریتییە لە توێژینەوەکردن لەسەر ئەو کەرەسە زمانیانەی پەیوەستن بە دەرونی مرۆڤ بۆ بژارکردن و پەرەپێدانیان لە پێناو وەبەرهێنانی زمانێکی پەسندی کاریگەر لەسەر دەرون(عەبدوڵڵا حوسێن ،2015: 82). کەواتە لە چوارچێوەی هەموو ئەم پێناسانەی کە بۆ زمانەوانیی دەروونی کراون لەسەرەوە لە دیدی زانایانی زمانەوانی، توێژینەوەکە دەگاتە ئەوەی کە هەریەکە لەمانە بە شێوەیەکی جیاواز لە بوارێک یان لایەنێکی ئەم زانستەیان خستۆتە ڕوو، بەڵام ئەوەی جێگەی ئاماژە پێدان و بەرچاو ڕوونییە، کە ئەم زانستە بە لقێکی زمانەوانی کارەکی دادەنرێت، زانستەکەش توێژینەوە لە زمان و پەیوەندی بە هەموو لایەنە دەروونییەکانی مرۆڤەوە دەکات، هەوڵدەدات زمان لە چوارچێوەی دەروونی مرۆڤ شیبکاتەوە.

**3/2) شێوازی ئاخاوتنی زمانیی بەپێی ڕەهەندی دەروونیی**

شێوازەکانی ئاخاوتنی زمانیی بەپێی ڕەهەندە دەروونییەکان دابەش دەکرێتە سەر کۆمەڵێک شێوازی جیاوازی قسەکردنەوە، کە ڕەنگدانەوەی کەسایەتی قسەکەر و باری دەروونی و شێوازی پەیوەندی کردنیەتی، مرۆڤ لە ڕێگەی زمانەوە گوزارشت لە ناخی خۆی دەکات، دەتوانێت حەز و ئارەزو، بیر ، بۆچوون ، هەڵچوونەکانی بگەیەنێت بە کەسانی بەرامبەرەوە(کەریم شەریف، 2015 : 15) هەر جۆرە ئاخاوتنێک کاریگەری جیاواز لەسەر گوێگرەکان دروست دەکات، تاکەکان بەپێی دەوروبەر و بارودۆخەکە چەندین شێوازی جیاواز قسەکردن

بەکاردەهێنن، شێوازی ئاخاوتن پشت بەلایەنی دەروونیی زمانی قسەکردن و هەست و سۆز دەبەستێت، تیشك دەخاتە سەر وروژاندنی هەندێک هەست لە لای گوێگردا، وردبوونەوە لە لایەنی دەروونی تاک یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی وەڵامدانەوەی تاکەکان بۆ هەندێک بارودۆخ، چۆن کاریگەری ئەم وشە و دەستەواژانەیان لەسەرە کە لەو بارودۆخانەدا بەکارهێنراون، زانا دەروونناسەکان گرنگییەکی زۆریان بە زمانی قسەکردن و شێوازی قسەکردنی تاکەکان داوە، چونکە زمان ڕێگەیەکی سەرەکییە بۆ پەیوەندیکردن و گواستنەوەی زانیاری ، هەڵچوون ، هەست ، سۆزەکان، شێوازی پەیوەندییەکان و بەهێزبوونی پەیوەندییەکان هەر لە ڕێگەی زمانەوە دەبێت(عزالدين أحمد عزيز، 2015 : 31) مرۆڤ بەشی هەرە زۆری کردارەکان و ڕەفتارەکانی بەپێی پەیوەندیکردن و گەیاندنی جۆری شێوازی زمانەوە دەبێت، زمان ڕۆڵێکی کارای هەیە، لە گواستنەوەی زانیارییەکان لە قسەکەرەوە بۆ گوێگرەوە. لێرەدا توێژینەوەکە هەندێک لە جۆرەکانی شێواز بە پێی لایەنی دەروونی خستۆتەڕوو، کە ئەمانەن:

**1. هەڕەشەکردن :** جۆرێکە لە دەستدرێژی زارەکی، واتە بە شێوەی ئاخاوتن کەسێکی بەدەسەڵات هەڕەشە لە کەسێکی بێدەسەڵات دەکات، کە بۆ سوکایەتیکردن یان زەلیلکردنی کەسێک بەکاردەهێنرێت، بۆ ئەوەی کەسی بەرامبەر هەست بە ناڕەحەتی بکات، لە ڕێگەی دروستکردنی ترس و تۆقاندن، هەڕەشە لە بەرامبەرەکەی دەکات، بەمەبەستی ڕووخاندن و کەمکردنەوەی کەسایەتی و ناچارکردنی کەسەکە بۆ خۆبەدەستەوەدان، واتە هەر لە ڕێگەی هەڕەشەکردن و گەفکردن دەتوانرێت توانا و ئیرادەی تاک لاواز و بێهێز بکرێت، ئەگەر لەم دۆخەدا گوێگر خاوەن ئیرادەیەکی بەهێز و توانایەکی بەرگری بەهێز نەبێت بە ئاسانی ناچار دەبێت خۆبەدەستەوە بدات، گوێڕایەڵی کەسی بەرامبەر بێت(ڕێژنە سيف الدين، 2014: 68)

نمونە، مامۆستا بۆ قوتابی: - بڕۆ دەرەوە.

لێرەدا مامۆستا هەڕەشە لە قوتابییەکە دەکات، کە کەسێکی بێدەسەڵاتە بەرامبەر بە مامۆستا ئەم هەڕەشەکردنە بۆ ئەوەیە، کە قوتابییەکە بەهۆی ئەم هەڕەشەیەوە بترسێت، ئەم کارەی کە مامۆستاکە پێی نەشیاو بووە ئەنجامیداوە دووبارەی نەکاتەوە، واتە لە هەمان کاتدا هەڕەشە و ترس بوو، ئینجا ڕێنمایی کردن، کەواتە مەرج نییە هەموو شێوازێکی هەڕەشەکردن بۆ ترساندن بێ گەلێک جار بۆ وریاکردنەوە یان بۆ بەئاگاهاتنەوەی گوێگرە، لە کردەوەیەکی نەشیاو، کە لێی بێئاگایە، یانیش گەلێک جار بۆ هاندانی کەسەکان بەکاردێت.

نمونەمامۆستا بۆ قوتابی: - نەخوێنن کەستان دەرناچن.

لێرەدا ئەمە هەڕەشەیە بۆ قوتابییەکان، بەڵام لە هەمان کاتدا هەڕەشەیەکە بۆ ئاگادار کردنەوەیان یان وریاکردنەوەیان لە دەرئەنجامی نەخوێندن.

**2. توندوتیژی :** توندوتیژی یان دەمارگیری لە قسەکردن، کە لە ڕێگەی زمانەوە پراکتیزە دەکرێت، قسەکەر وشە و دەستەواژە و ڕستەی ئازاربەخش یان هێرشبەرانە بەکاردەهێنێت، کە کاریگەری نەرێنی لەسەر دەرونی کەسایەتی گوێگر هەیە، توندوتیژی وەکو زاراوە لە پێناسەکەیدا ((ئاراستەیەکە لە ڕوانگەیدا کۆمەڵە کەسێک بە باشتر دەزانرێت دژی کۆمەڵێکی تر بە مەبەستی کەمکردنەوەی ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە)) (عزالدين أحمد ،2015: 210 )بۆ ئازاردانی کەسانی بەرامبەر گوێگر پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی دەستەواژەی ناشیرین و قسەی نابەجێ وەک(جنێو،ناوونانتۆرە،سەرزەنشتکردن)ئەم وشانەی لە گوزارشتە هەڵچوونییەکانەوە دەردەبڕێت دەبێتە هۆی وروژاندن و بەجێهێشتنی شوێنەوارێکی قوڵ لەلایەنی نەرێنی، دەبێت تاکەکان بۆ خۆگونجاندن لەنێو کۆمەڵەکەیاندا پێگە و کەسایەتی خۆیان وا ڕابگرن، کە مایەی قبوڵکردنی کەسانی دەوروبەریان بێت، زمان لە لایەکەوە هۆکاری پەیوەندی کۆمەڵایەتی و دەرونی نێوان تاکەکانی کۆمەڵێکی دیاری کراوە، کە هۆکاری گەیاندنی بیر و بۆچوونەکانە، پێکەوە ژیانە، لەسەر بنەما و پرانسیپەکانی هاوکاری و ڕێز و خۆشەویستی، لە لایەکی ترەوە هۆکاری هێنانە ئارای

توندوتیژی و ڕقەبەرایەتی نێوان تاکەکان، تێکچوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا بە چەند دەستەواژەیەک ئاماژە بۆ ئەم مەبەستانەی بەکارهێنانی زمان کراوە (پێشکەوت مەجید ، 2024 :4 – 5)

نموونە:

- زمان بەڵای سەرە.
- دەم شڕ، زمان پیس
- زمان درێژ

توندوتیژی زمانی چەندین ڕەهەندی دەروونی هەیە، تەنیا گوزارشتکردن نییە، لە وشە و دەستەواژەی دەربڕاو، بەڵکو پەیوەندی بەمەبەست و بیرکردنەوەکانی پشت ئەم دەستەواژانەوە هەیە، هەروەها ڕەنگدانەوەی لایەنی کەسایەتی قسەکەر خۆیەتی وەک توڕەیی و هەستکردن بە کەمتەرخەمی یان ئارەزووی کۆنترۆڵکردن، ئەم جۆرە توندوتیژییە کاریگەری لەسەر تەندروستی دەروونی گوێگر دەبێت، چونکە هەستی دڵەڕاوکێ و بێزاری و ترس بەرزدەکاتەوە و خۆ بچووککردنەوە و لاواز دێتە بەرچاو.

**3. گاڵتەئامێز :** بەکارهێنانی ئەم شێوازەی ئاخاوتن ئامرازێکی بەهێزی باشکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و کەسییەکانە، ئەم شێوازە زیاتر بەمەبەستی خۆشی و شادی و پێکەنینی بەشداربووانی ئەخاوتنەکەیە، ئەم شێوازە لەگەڵ شێوازی توانجگرتن زۆر لەیەکەوە نزیکن، بەڵام ئەوەی جیایاندەکاتەوە ئەوەیە لە شێوازی گاڵتە ئامێز پلەی ڕێزگرتن و هەست بریندارکردن نییە، یان زۆر کەمە، بەڵام ئەگەر گاڵتەکردنیش لە سنووری خۆی تێپەڕێنرا واتە هەستی کەسانی تری بریندارکرد لە ڕووی دەروونییەوە ئازاریدان، ئەوە دەچێتە خانەی شێوازی سوکایەتی و توانج گرتنەوە، هەر لەبەر ئەمەیە دەڵێن گاڵتە نیوەی ڕاستییە، واتە بە مەبەست و بە شێوەی جوان و گاڵتە ئامێز پەیامەکانی دەنێرێت بە دەوروبەریدا، لەناو کۆمەڵ و دەوروبەردا هەندێک کەس بە گاڵتەچی و قسە خۆش ناسراون و قسەکردنەکانیشیان هەر بە گاڵتە و وەردەگیرێن، ئەم کەسانە تایبەتمەندی خۆیان هەیە، چونکە ئەوانەی ئەم جۆرە قسەکردنە دەکەن ڕەنگە بە هەموو کەسێک نەکرێت، ئەمەش جۆرێکە لە هونەری ئاخاوتن واتا خەڵک سەراسیمەی خۆی بکات( هێمن عەبدولحەمید، 2006 : 41) ، هەروەها شێوازی گاڵتە ئامێز، کە خۆی لە نوکتە و قسەی خۆش و پێکەنیناوی دەبینێتەوە بەشدارە لە بەرزکردنەوە و توندوتۆڵکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و سۆزداری، شارەزابوون لە زمانی گاڵتەئامێزانە پێویستی بە تێگەیشتن لەو زەمینە کەلتووری و کۆمەڵایەتییە هەیە، کە گوێگران سەربەخۆیانن و لێیانەوە نزیکن، بۆ ئەوەی پەیامەکان کاریگەربن بەبێ ئەوەی سنوری ئەخلاقی تێپەڕێنن، واتە ئەم شێوازە وادەکات، کە لە کۆمەڵێکی دیاریکراو بە ئاسانتر هەست بە هونەری قسەکردن و چێژبەخشینەکە بکرێت، ڕەنگە هەمان کەس لە کۆمەڵەیەکی تر و لە ژینگەیەکی تر نەتوانێت ئەم کاریگەرییانە دروستبکات لەسەر گوێگر یان کەسانی بەرامبەریدا.

**4. پیاهەڵدان:** ستایشکردن یان پیاهەڵدان لە ڕووی دەروونییەوە بە شێوەیەکی ئەرێنی کاریگەری لەسەر متمانەبەخۆبوون و هەستکردن بە ڕێزگرتن زیاد دەکەن، بەڵام ئەوەی گرینگە ڕێگای داڕشتنی ستایش هونەرێکە پێویستی بە ڕەچاوکردنی ڕەهەندە دەروونییەکانەوە هەیە، چونکە لێرەدا کات و هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژەی گونجاو کاریگەرییان لەسەر پیاهەڵدانەکە دەبێت، هەندێک پێهەڵدان هەیە نەگونجاوە، ڕەنگە زیانبەخش بێت، واتە شارەزابوون لە زمانی پێهەڵدان پێویستی بە تێگەیشتنە لە سروشتی کۆمەڵەکە یان کەسەکە، کە ئاڕاستەی دەکرێت.

لە شێوازی پیاهەڵدانیشدا کەسێک بەشان و باڵی کەسێکدا هەڵدەدات، ئەمەش بەهێزی و باوەڕبەخۆبوونی قسەکەرە بەرامبەر گوێگر، زیاتر لە پاڵ هەستێکی خوازراوەوە دەبێت، کە بە ئامادەبوونی گوێگر لە نێوان کۆمەڵەکەی خۆیدا دەردەبڕدرێت، خۆ نزیککردنەوە و خۆبردنە پێشەوەی قسەکەرە لە گوێگر، قسەکەر مەبەستە گرنگەکەی پێهەڵدانە بەرامبەر گوێگرێك، زۆربەی جار پلەی خۆی نزمتر پیشاندەدات بۆ بەرزکردنەوە و ستایشکردن باوەڕبەخۆبوون شێوازی پیاهەڵدان دەڵێت( ڕزگار اسماعیل، 2017 : 88)، پیاهەڵدان ڕۆڵێکی

جەوهەریی دەگێڕێت لە بنیاتنان و پتەوکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەو پێیەی بەشدارە لە باشترکردنی پاڵپشتی سۆزداری و بەرزکردنەوەی مۆڕاڵی ئەوانی تر و پتەوکردنی پەیوەندی نێوان تاکەکان.

**5. جنێودان:** ئەم دیاردەیە، کە قسەی ناشیرین و نابەجێ دەگرێتەوە، یەکێکە لەو دیاردە زمانەوانی و کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزانەیە، کە کاریگەری لەسەر پەیوەندی نێوان تاکەکان و سروشتی پەیوەندییەکانی مرۆڤ هەیە، ئەم دیاردەیە ((بریتییە لەو گوتە ناشیرینانەی کە بۆ زەمکردن و نزمکردنەوەی بەهای مرۆڤەکان بەکاردەهێنرێ لە قسەکەرەوە بۆ کەسی بەرامبەر گوێگر ))(شلێر ڕەسوڵ ،2011: 64) هۆکارەکانی جنێودان جیاوازن هەندێکیان، وەک کاردانەوەیەک لە بەرامبەر دۆخێکی تووڕەیی یان هەڵچوون و هەست و سۆزدا دێت، هەندێکیشیان بۆ دەربڕین و نیشاندانی باڵا دەستی و کۆنترۆڵکردن بەکاردەهێندرێن، چونکە بەکارهێنانی زمان پەیوەستە بە چەند دەستوور و یاسایەک، ئەم دەستوور و یاسایانەش دوو بەشن بەشێکیان پابەندە بە ڕۆنانی زمان خۆی، بەڵام بەشەکەی تر پابەندە بە بەکارهێنانی لایەنی کارەکی زمان لە ژیانی ڕۆژانەدا، کە دەستوورە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم کۆمەڵگەیە دەگرێتەوە، ئەمەش لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازە، ئەگەر یەک زمانیش لە هەردوو کۆمەڵەکەدا بەکاربهێنرێت، بەڵام تاکەکان لە هەر کام کۆمەڵگەدا بژین دەبێت پابەندی دەستوور و یاساکانی ئەم کۆمەڵگەیە بن، ئەگەرنا بە مرۆڤێکی قبووڵکراو دانانرێن( سەرچاوەی پێشوو،2011: 63)، جنێودان کاریگەریی نەرێنی زۆر لەسەر لایەنی دەروونی و سۆزداری گوێگر دەبێت، چونکە لەوانەیە هەست بە سوکایەتی یان بێ بەهاکردن بکات، ئەمەش وادەکات هەستی نەرێنی ڕق و کینە یان بێزاری لەلا دروستبکات، لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی جنێودان قسەی (تابۆ) پەیوەندی نێوان تاکان لاواز دەکات، دەبێتە هۆی گرژی و ناکۆکی و ڕەنگە دواجار چارەسەرکردنیان زۆر قورس و ئەستەم دەبێت.

**6. توانجگرتن :** توانجلێدان وەکو ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتی بە شێوەی گاڵتە یان ناڕەزایی، ئاراستەی بەرامبەر دەرکرێت، کاریگەریی قوڵ لەسەر دەوروبەری پەیوەندیکردن و لەسەر دۆخی دەبڕینی قسەکەر و گوێگر هەیە، توانجگرتن لە زۆربەی کایەکانی ژیانی ڕۆژانەی هەر تاکێکدا بەکاردێت، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئەم دیاردەیە زیاتر لە ڕەگەزی مێدا ڕەنگی داوەتەوە، لەناو ئەم ڕەگەزەشدا زیاتر لە کەسانی بەتەمەن هەستی پێدەکرێت، ئەمەش ڕەنگە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی گوێگر بێت، بەشێوەیەکی گشتی ئەم دیاردەیە بە دیاردەیەکی نەشیاو دادەنرێت( ژاوەرۆ عەباس، 2022: 108) بۆ نمونە کاتێک مامۆستایەک لە ڕەگەزی مێدا بە قوتابییە کچەکان دەڵێت دەتوانن پیاسە بکەن و خۆتان برازێننەوە، بەڵام ناتوانن دوو پێناسە لەبەربکەن، بەشێوەیەکی گشتی توانجگرتن ئاگادارکردنەوەی کەسی بەرامبەرە بۆ چاککردنەوەی کەموکورییەك یان هەڵەیەک، کە گوێگر ئەنجامی داوە بەکاردەهێنرێت و ئاراستەی دەکرێت، گەلێك جاریش توانجگرتن لەکەسی بەرامبەر بۆ ڕووخانی کەسایەتی تاک بەکاردەهێندرێت، بەتایبەت لە شەڕی دەروونیدا بە ئاشکرا ئەمە درکی پێدەکرێت( شلێر ڕەشید،2015 : 90).

**7. ئەرێنی:** دیاردەی ئەرێنیبوون یەکێکە لەو چەمکە بنەڕەتییانەی، کە بەشدارە لە داڕشتنی کەسایەتی، تاک لە شێوازی قسەکردنێکی باش و ئەرێنی یارمەتی دروستکردنی پەیوەندییەکی تەندروست و هاوسەنگ دەدات لەنێوان تاکەکاندا، لەسایەی ئەم دۆخەدا عەقڵی مرۆڤ توانای زیاتری هەیە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکان و زاڵبوون بەسەر دۆخە ناهەموارەکاندا، ئەمەش هاندەردەبێت بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن و گەشەکردن لە گشت لایەنە جیاوازەکانی ژیاندا. مرۆڤ بە سروشتی کۆمەڵایەتی خۆی حەزدەکات جێگەی بایەخ بێت لەناو کەسانی تردا لە بوارە جیاجیاکان، چونکە ئەم جۆرە کەسانەی کە خاوەنی شێوازێکی ئاخاوتنی ئەرێنین مامەڵەکردن و هەڵسوکەوتکردن لەگەڵیاندا وا لە تاک دەکات هەست بەشانازی و باوەڕ بەخۆبوون بکات، ڕێزی خودی کەسەکەش

زیاد دەکات، ئەمەش هۆکاری ئەوەیە مادام لەگەڵ کەسێکی تایبەت و ئەرێنی دەگەڕێت کەواتە ئەویش هەمان دۆخی کەسە ئەرێنەکەی هەیە، بۆیە مرۆڤ حەز و مەیلی بۆ ئەو کەسانە زیاترە، کە گەشبینن و بە شێوازی ئەرێنی دەدوێن، زیاتر لە کەسانی ئاسایی بەتواناترن( عزالدين احمد عزيز، 2015 : 226 -227 ). بیرکردنەوەی ئەرێنی بەشدارە لە باشترکردنی دەروونددروستی و جەستەیی توانای تاک، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئالنگارییەکان هەروەها متمانە و گەشبینی بەرزدەکاتەوە، هەست بەکامەرانی و ئاسودەیی دەکات، لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا، قسەکەر دەتوانێت بەهۆی هێزی وشەکان لەم دۆخەدا مەیلی گوێگر بە تەواوی بۆ لا خۆی ڕابکێشێت، سەرسامی خۆی بکات و پەیوەست بە قسەکانی خۆی بکات، گوێگریش حەواڵی ئەم باسانەیە، کە ئاراستەی ئەرێنی پیشاندەدەن، هاندەرێکی باشن بۆ ئەوەی بەرەو ڕاستەڕێ هەنگاو بنێت.

**8. نەرێنی :** دۆخێکی یەکجار کاریگەرە لەسەر دەروونی تاک، چونکە تاک بەم دۆخە توشی بارودۆخێکی ناهەموار و خراپ دەبێتەوە، لە ئاکامدا بیرکردنەوە و دنیابینینی خراپ دەبێت، بێ هیوایەکی لەڕادەبەدەر باڵ بەسەر بیرکردنەوە و تێگەیشتنەکانیدا دەگرێت، شێوازی ئاخاوتنی نەرێنی لەلایەن کەسی قسەکەرەوە دەست پێدەکات بە مەبەستی بێهیواکردن و ڕووخاندنی کەسی بەرامبەر(گوێگر) بەکاردێت، کاتێک قسەکەر (نێرەر) ڕووداوێک یان کردارێک و هەڵوێستێکی بە دڵ نابێت و ئەوا هەست بە خراپی دەکات، شێوازی قسەکانیشی بە خراپی و نەرێنی دەردەبڕێ، زۆر جار قسەکەر پەیامێکی ڕەخنەگرانە بەگوێگردەدات، لە ڕێگەی چەند وشەو ڕستەیەکی کاریگەر، ئەوە هەست و هەڵوێستی خۆی بەرامبەر گوێگر و کار و کردەوەکانی دەردەبڕێت، ئەم شێوازە ئاخاوتنە ڕەنگە گرژی و تووڕەبوونیشی بەدوادابێت لە نێوان هەریەک لە قسەکەر و گوێگرەوە (عەبدولواحید موشیردزەیی، 2004 : 124). لە هەر بوارێکی ژیاندا بێت ئەو مرۆڤانەی ئەم جۆرە دەربرنانەیان هەیە هەمیشە بە کەسانی نەرێنی (سلبی) دادەنرێن بۆ خودی خۆیان و کۆمەڵگەکەیان، چونکە ژیان هەمیشە پێویستی بەوە هەیە ئاڕاستە و پەیامی ئەرێنیانە بدرێت بە دەوروبەر و بەرامبەرەکان، هەموو کات مەرج نییە دۆخی نەرێنی بوون لە گوێگر ڕاستەوخۆ بدرکێندرێ، هەندێ جار بۆ هەندێ دۆخی نەخوازراو لە لایەن گوێگرەوە یان هەندێک کاردانەوە لە لایەن گوێگرەوە وا دەکات قسەکەر ئاڕاستەی قسەکانی بەرەو دۆخی نەرێنی بوون و خراپ بەکارهێنانی شێوازی زمانی بڕوات، ڕەنگە هەندێ جار قسەکەر خۆی دۆخی نەرێنی بورووژێنی و دەستپێبکات، ڕەنگە هەندێ جار گوێگر هاندەر بێت بۆ ئەوەی دۆخی نەرێنی لە قسەکەردا دروست ببێت و دەستپێبکات.

**لەم توێژینەوەیەدا بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتین:**

**1.** زمان تەنیا ئامرازێك نییە بۆ پەیوەندیکردن، بەڵكو لایەنێکی بنەڕەتییە لە بوونی مرۆڤدا، کە بیرکردنەوە و هەست و سۆز و ناسنامە و کارلێکی کۆمەڵایەتی دادەڕێژێت، زمان وەك ناوەندێك کاردەکات، کە لە ڕێگەیەوە کەلتوور دەگوازرێتەوە، زانیاری هاوبەشی پێ دەکرێت و پەیوەندییەکانی لەسەر بنیاتدەنرێت، لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا زمان ڕەنگدانەوەی هۆشیاریی گشتیی خەڵکەکەیەتی و میراتی و جیهانبینییان دەپارێزێت، واتە زمان ئاوێنەیەکە پێکهاتەی دەروونیی قسەکەر نمایشدەکات.

**2.** شێوازی زمانیی( ئاخاوتن یان نوسین) تەنیا بریتی نین لە گواستنەوەی بیری ئاخێوەر بۆ وەرگر، بەڵکو هەموو ئاخاوتن و نوسینێك هەڵگری ڕەهەندی دەروونی و هەست و سۆزی خاوەنەکەیەتی.

**3.** زمانەوانی دەروونیی وەکو لقێکی زمانەوانی کارەکیی زانستێکە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی دەروون و ڕەوشت و ڕەفتاری مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، ئەم زانستە تەنیا سنووردار نیە لە لێکۆڵینەوە لە تاك، بەڵکو کاریگەریی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان و کەلتوورییەکانی سەر زمان دەخاتەڕوو.

**4.** شێوازی زمانیی قسەکەر ئەگەر تاکە وشەیەکیش بێت شێوە و ڕێژەی باری دەروونی قسەکەر پیشاندەدات، لە کاتی خۆشی و ناخۆشی، هەڕەشەکردن و پیاهەڵدان، ڕق و خۆشەویستی...هتد بێت، چونکە جیاوازی ژیان و باری دەروونی و توانای ئاخاوتن لە هیچ تاکێك هاوتەریب و وەکو یەك نین، هەر ئەمەش وای کردووە چەندین شێوازی ئاخاوتنی جیاواز بە پێی ڕەهەندی دەروونیی بێتە ئاراوە.

**لیستی پەراوێزەکان:**

(1)قوتابخانەی ڕەفتارگەریی،دامەزرێنەری ئەم قوتابخانەیە، زانای دەروونناسی ئەمریکی (جۆن واتسۆن)ە لە ماوەی ساڵانی (1878- 1908) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: أسس علم النفس العام(2003) طلعت منصور وأخرون. لا 32-33

(2) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر (ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە) بگەڕێوە سەر (گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی)، ئەمیر موحەممەد موحەممەدئەمین،ژمارە (56) لاپەڕە(20)

**لیستی سەرچاوەکان:**

**یەکەم: بە زمانی کوردی**


1. ئەڤین سامی عارف (2011)،کاریگەریی باری دەروونی لەسەر زمانی قسەکردن، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
2. ئەمیر موحەممەد موحەممەدئەمین(2023)، شیکردنەوەی باری دەروونیی ئاخێوەر لە زمانەوانیی دەروونیدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(56)، ل (12).
3. ئومێد محمد عزیز (2023)، شێوازی زمانی لە مەولودنامەی کوردیدا مەولودنامەی مەلا عبدالله جەلی و ڕەشاد موفتی بەنمونە، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
4. ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا (2010/ 2011) شێواز و شیوازگەری، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
5. ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا (2021)، شێوازناسیی زمان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.
6. بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەمەئەمین(2007)، زار و شێوەزار، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
7. پەیمان حسن محمد (2010)، پەیوەندی زمان و کەلتوور، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین.
8. پێشکەوت مەجید محەمەد(2024)، زمان وەکو ئامرازێکی کاریگەری توندوتیژی زارەکی و تاوانە زمانییەکان جنێو هەڕەشەکردن بە نمونە، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ل (4-5 ).
9. حاجی عبدالرحمن حاجی(2017)، شێوازی داواکردن لە زامنی کوردیدا، نامەی ماستەر، فاکەلتی ئاداب، زانکۆی سۆران.
10. حەمەنوری عمر کاکی (2008)، شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی
11. دەرون عەبدولڕەحمان ساڵح (2014)، ڕۆڵی زمان لە ئاڕاستەکردنی لایەنی دەرونی تاکدا، نامەی دکتۆرا، سکۆلی زمان، فاکەلتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
12. ڕزگار اسماعیل کریم (2017)، باڵادەستی زمان لە ڕوانگەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
13. ڕزگار واحید حەمەدەمین و باباڕەسوول نووری ڕەسوول(2012)، تێگەیشتنی دەربڕینە زمانییەکان لە ڕوانگەی زمانەوانی دەروونییەوە، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (23)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ل(120-121)
14. ڕێژنە سیف الدین حسن (2014)، تایبەتمەندییەکانی وشە و ڕستە لە شەڕی دەروونی گوتاری ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات بە نمونە، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
15. ژاوەرۆ عباس عمر (2022)، هێزی ڕاکێشان لە کردەی ئاخاوتندا، نامەی ماستەر، کۆلیجی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سلێمانی.
16. سامان عەبدوڵڵا(2022)، کردەی ئاخاوتن لە پەیوەندی و دابونەریتی کۆمەڵایەتیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەمازۆن، هەولێر.

17.شلێر ڕەسوڵ بەرزنجی(2011)، لایەنی نەرێنی هەست دەربڕین لە زمانی کوردیدا (جنێودان) بە نمونە،گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە 19، هەولێر، کوردستان، ل 64

18.شلێر ڕەشید عەبدوڵڵا (2015)، پڕۆسەی گەیاندن و چالاکبوونەوەی فۆرمە زمانی و نازمانییەکان لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

19.شەیدا ڕەشید محەمەد (2016)، شێواز لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس دا قۆناغی دوای بزوتنەوەی گروپی ڕوانگە، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

20.صافیە محەمەد ئەحمەد (2009)، شێوازی شیعرەکانی پیرباڵ مەحمود، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

21.عزالدین احمد عزیز (2015)، بنەماکانی دەروونزانی گشتی، چاپی شەشەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

22.عەبدوڵڵا حوسێن رەسول(2015)، دەروزمانی، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە (17) ل (32- 82 ) .

23.عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا محەمەد مستەفا(2020)، کردەیی ئاخاوتەیی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا- دابونەریت بە نمونە، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

24.عەبدولواحید موشیر دزەیی (2004)، واتای کاریگەری لە بواری ڕاگەیاندندا، نامەی دکتورا، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

25.عەبدولواحید موشیر دزەیی (2021)، زمانەوانی دەروونی، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر.

26.فەردینان دی سۆسۆر و کەسانی تر(2005)، لەڕوانگەی زمانەوانییەوە، و :ئازاد ئەمین باخەوان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئارابخا، کەرکوك.

27.کەریم شەریف قەرەچەتانی (2015)، سایکۆلۆژیای زمانی منداڵ، چاپی دووەم، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.

28.لیا حسن محمد(2019)، پەیوەندی نێوان زمان و خەسڵەتەکانی کەسایەتی، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە(2) ، بەرگی(6) ل (283)

29.محمد محمد یونس علی (2010)، دەروازەیەك بۆ زمانناسی ، وەرگێرانی: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

30.محمد معروف فتاح (2010) لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

31.محمد معروف فتاح،(2011)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

32.میدیا(1998)، سەرەتایێکی زمانناسی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، سلێمانی.

33.هێمن عەبدولحەمید شەمس (2006)، شێواز و دەربڕین لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا،نامەی ماجستێر، کۆلیجی پەروەردە، زانکۆی کۆیە .

34.وفاء کاظم حسین (2023)، ڕۆڵی دەروونزمانی لە پەروەردەی ڕەگەزدا زاری کوردی ناوەڕاست بە نمونە، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

35.یوسف شەریف سەعید (2011)، زمانەوانی، چاپی یەکەم،لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی زمانناسی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

36.یوسف عوسمان حەمە (2004)، دەروونزانی، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، زنجیرە 27 ، هەولێر.

**دووەم: بە زمانی عەرەبی**

1.جاسم علي جاسم(2010)، علم اللغة النفسي في التراث العربي، المجلة الإلكترونية للجامعة الإسلامية، المدينة، السعودية، العدد 154، ص 508

2.جمعة سيد يوسف(1990)، سيكولوجية اللغة والمرض العقلي،الطبعة الأولى، سلسلة كتب ثقافية شهرية يصدرها المجلس الوطني للثقافة والفنون والأدب(145)، كويت.
3.طلعت منصور وأخرون(1978)، أسس علم النفس العام، مكتبة الأنجلو المصرية، القاهيرة.
4.عبدالعزيز بن إبراهيم العصيلي(2006)، علم اللغة النفسي، الطبعة الأولى، جامعة الإمام محمد بن سعود الإسلامية، عمادة البحث العلمي، الرياض.
5.عزيز كعواش(2021)، سيكولوجية اللغة اللسانيات المعاصرة، مجلة الباحث في العلوم الإنسانية والإجتماعية، المجلد 13، العدد 2، الجزائير، ص(451- 460)
6.منذر عياشي(2002)، الأسلوبية و تحليل الخطاب، طبعة الأول، النشر مركز الإنماء الحضاري، حلب، سوريا.

**سێیەم: بە زمانی ئینگلیزی**

1. DAVID CRYSTAL,(2008), A DICTIONARY OF LINGUISTICS AND PHONETICS, 6 th Edition, BLACK WELL PUBLISHING, UK, P396